


# خەباتی رۆشنبیرانی کورد لە باکووری کوردستان چاپ دەکرێ

■ ئا: بەسام مستەفا

کتێبی خەباتی رۆشنبیرانی کورد لە باکووری کوردستان کە لە نووسینی نووسەری کورد میراز رۆنییە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

"خەباتی رۆشنبیرانی کورد لە باکوور (1900 – 2000)" کە لە 142 لاپەڕە پێکدێ، لەلایەن پەیمانگەی کوردی لە ئیستانبوڵ چاپ و بڵاوکرایەوە.


نووسەر و وەرگێڕی کورد میراز رۆنی لەو بەرهەمەدا کە لە سێ بەش پێکهاتووە، باسی هەوڵ و تێکۆشانی سازی و وەشانخانەکان بۆ پاراستنی مێژووی کورد و زمانی کوردی و رۆشنبیرانی کورد لە ماوەی سەدەیەک دەکات. بە تایبەتی هەڵوەستە لەسەر خەبات و بزاڤی رۆشنبیریی کوردی لە ماوەی حەفتاکان و هەشتاکان و کۆتایی سەدەی رابردوو دەکات.

میراز رۆنی ساڵی 1966 لە شاری بەدلیسی باکووری کوردستان لەدایکبووە، لە زانکۆی ئەناتۆلیا بەشی ئابووری خوێندووە. ساڵی 1998 – 2003 ئەندامی دەستەی کارگێڕیی پەیمانگەی کوردی لە ئیستانبوڵ بووە. رۆنی چەند بەرهەمێکی نووسیوە، لەوانە: د سیا دارا خاچێ دا سەرهلدان، شیعر 1999. هەروەها دوو کتێبیشی وەرگێڕاون بەناوەکانی تەسویرا خانیێ فیلۆزف و کەچا ئاردل.

## کرمانجی خۆیان فێری سۆرانی دەکەن

# بۆ فێربوونی سۆرانی "هینکەر" چاپ کرا

■ ئا: بەسام مستەفا




وەشانخانەی پەیمانگەی کوردی لە ئیستانبوڵ "هینکەر-فێرکەر"ێکی دیکەی خستە سەر زنجیرە "هینکەر"ەکانی دیکەی، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەزاری کوردی سۆرانی و بۆ فێربوونی سۆرانی.


پەیمانگەکە بۆ فێربوونی زمانی کوردی (کرمانجی) پێشتر زنجیرەیەک پەرتووکی بەناوی "هینکەر" چاپکردبوو. لە چەند رۆژی رابردووشدا پەرتووکێکی دیکەی بۆ سەر زنجیرەکە زیاد کرد، بەڵام ئەمجارە بە سۆرانی چاپ کرا. ئەمەش بۆ ئەو کوردانەیە کە بە کرمانجی دەئاخڤن و حەز دەکەن فێری شێوەزاری سۆرانی ببن.

پەرتووکەکە بەناوی (هینکەر، کوردی ناوەندی (سۆرانی) لەلایەن هیوا.س. خالید ئامادە کراوە. پەرتووکەکە بە شێوەزاری سۆرانی و تیپی عەرەبی نووسراوە و بۆ فێربوونیش وشە و رستەکان بە تیپی لاتینی نووسراون.

ئەو پەرتووکەی چاپکراوە، زنجیرەیەکە لە پەرتووکی "هینکەر". زنجیرەی یەکەمی پەرتووکەکە بۆ قۆناغی سەرەتایی فێربوونی سۆرانییە. پەیمانگەکە بڕیاری داوە بۆ زنجیرەکانی داهاتووی پەرتووکەکە دیڤیدیشی لەگەڵ بێ، بۆ ئەوەی فێرخوازان زووتر بتوانن خۆیان فێری سۆرانی بکەن.

# لە ئێران کتێبێکی دانا رەئوف چاپکرایەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور




(بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!) ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانی دانا رەئووف، نووسەر و شانۆکاری کوردی نیشتەجێی سویدە و چاپی دووەمی لە ئێران بۆ کرا.

دانا رەئووف، بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، چاپی دووەمی شانۆنامەکانی بەناونیشانی (بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!) لە دەزگای چاپەمەنی مانگ لە ئێران چاپکراوە و لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە.

ئەو شانۆکارە کوردە هیوای ئەوە دەخوازێت دەقە شانۆییەکانی نێو کتێبەکەی لای خوێنەر و شانۆکاران لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جێی خۆیان بکەنەوە.

ئەو نووسەرە کوردە بەم دواییە کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاوگوست ستریندبێرگ) بڵاوکردەوە کە دەروازەیەکە بۆ ناسینی ستریندبێرگ و ئەدەب و شانۆی سوێدی. هەر بەم دواییە چاپی دووەمی کتێبێکی دیکەی ئەو نووسەرە بەناوی (چێخەف لە پلاتۆنۆڤەوە بۆ باخی گێلاس) بڵاوکرایەوە کە لەلایەن دەزگای مانگەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ کرا.

دانا رەئووف، لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە لە سوێد دەژی، خاوەنی چەندین بەرهەمە و نزیکەی 30 کتێبی لە بواری شانۆدا بڵاوکردووەتەوە کە سێیان بە زمانی سوێدی نووسراون.

# لە ئامەد کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد دامەزرا

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، بە ئامانجی پێشخستنی وێژە و ئەدەب و زمانی کوردی، کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد دامەزرا و دەستی بەکارەکانی کرد.

هۆگر بەربەر، هاوسەرۆکی کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە درێژەپێدەری کۆمەڵەی نووسەرانی کورد نین، بەڵکو ئێمە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆین و تایبەت بە وێژەکارانی کوردە و دەرگایەکی نوێ لەسەر ئەدەب و وێژەی کوردی دەکەینەوە".

هاوسەرۆکی کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد دەشڵێت: "داواکاریی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەمان پێشکەشی پارێزگاری ئامەد کرد و ئەوانیش رەزامەندییان لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد دا".

لەبارەی ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە، هۆگر بەربەر دەڵێت: "ئامانجی سەرەکی ئێمە خۆکردنە خاوەنی زمان، هونەر و وێژەی کوردییە لە ئامەد، هەروەها هەوڵی پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردی دەدەین، هەڵبەتە کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد وەکو بانێک وایە کە هەموو کەس لەژێریدا دەتوانێت خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ پێشخستنی بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بدات، چونکە ئێمە بە هەموومان دەتوانین هاوکار بین بۆ بەرەوپێشبردنی رەوشی زمان و ئەدەبی کوردی".

هاوسەرۆکی کۆمەڵەی وێژەکارانی کورد لە ئامەد گوتیشی: "ئێمە دەخوازین بە ئەنجامدانی سیمینار و پانێل و چالاکییە جۆراوجۆرەکان، خەڵک و نووسەران لەیەکدی نزیک بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ئێمەی نووسەرانە زمانی رەسەنی ناوچەکە بپارێزین و پەرەی پێبدەین، تاوەکو زمانی کوردی لە لەناوچوون دەرباز بکەین".



# نوێگەری

ئایا نوێگەری هیچ پێشینەیەکی هەیە، واتە هیچ سەرەتایەک و هیچ بنەمایەک هەیە لێیەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان نوێگەری بریتییە لە خودی سەرەتاکە و لە خاڵی سفری داهێنانێک کە هیچ پێشینەیەک و هیچ پێشخانێک و هیچ سەرچاوەیەکی نییە؟ ئەمە ئەگەر دروست بێت، ئەوا ئەو گوتە فەلسەفییە راستە کە دەڵێت هەموو شتێک لە هیچەوە پەیدا بووە، ئەگەریش دروست نەبێت، ئەوا ئەو گوتە فەلسەفییە راستە کە دەڵێت: هیچ شتێک بێ بنەما و بێ هۆ دروست نەبووە. ئایا نوێ دابڕانە لە نەریت، یان کرانەوەی نەریتە؟

بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئەم تەڵەزگە فەلسەفییەوە کە دواتر بمانخاتە ناو بازنە شەیتانییەکەی پرسیاری ئایا مریشک لە هێلکە بووە یاخود بەپێچەوانەوە، ئێمە لێرەدا راستەوخۆ دەچینە نێو راڤەیەکی تری تێگەیشتن لە نوێ و لە نەریتەکانی. لە وتارەکەی پێشووترماندا کە بە سێ بەش بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی (نوێگەری و ئەرکەکانی)، توانیمان تا رادەیەک پەی بە چیەتی و ئیشکردنەکانی نوێگەری ببەین وەک رووداوی هەڵگەڕاندنەوەی بەهاکان. لەوێدا ئەو باوەڕەمان دووپات کردەوە کەوا نوێگەری سەرەتایەکی نوێیە، لێرەدا سۆراغی ئەم پرسیارە دەدۆزینەوە: ئایا سەرەتا بریتییە لە دابڕان لە هەموو نەریتە باوەکان و خۆخاڵیکردنەوەیە لە هەموو میراتێکی مێژوویی؟ ئەگەر نوێ دەستپێکی یەکەم هەنگاو بێت و ئەگەر هەموو سەرەتایەک لە هیچێکی میراتی و لە سفری زەمەنەوە هاتبێت، ئایا ئەمە نابێتە مایەی پێکدادانی فەرهەنگی و شەڕی نەوەکان و شەڕی نێوخۆیی جڤاتەکان؟ ئەگەر میراتی و نەریتەکان لەبەردەم هێزی سەرەتا نوێیەکاندا هیچ بن، کەواتە کەڵکی ئەو دابونەریتانە چییە بۆ کولتوور، لەکاتێکدا خودی کولتوور بریتییە لە سیستەمێکی نەریتی؟ گەر بەم تەرزە بەردەوام بین لە پرسیارکردن دەربارەی تێگەیشتن لە سەرەتا، رەنگە دواجار بگەینە ئەوەی کە بڵێین واپێدەچێ تا ئێستا بەهەڵە پرسیار لە سەرەتا کرابێت و دەرکمان بەوە نەکردبێت کە هەموو سەرەتایەک بریتییە لە چرکەساتێکی نوێگەری. بەوەشدا نوێگەری بریتییە لە دابڕان لە ترادیسیۆن، ئەوا دەستپێک بریتییە لە نوێگەری. نوێگەری لە مانا بەهاییەکەیدا بریتییە لەو رووداوەی بەهایەکی نوێی هەڵگرتبێت، کەسی نوێگەریش بریتییە لەو کەسەی هەڵگری ئەو وەرچەرخانەیە، لێرەوەیە نوێگەر دەچێتە ناو بەها و ناو ئاکارەوە و نەریتە بەهاییەکان وەردەچەرخێنێ، نوێگەر کەسێکە لەو نەریتە باوە دابڕێت و ببێتە سەرەتای دەستپێکێکی تری ژیان.

لە مێژووی هەموو فەرهەنگەکانی مرۆڤایەتیدا مرۆ دەتوانێت نموونەی وەها ببینێتەوە کە هەم لە خاڵی سفرەوە دەستیانپێکردووە و بوونەتە نوێگەر و هەم درێژەشیان داوە بە میراتە بۆماوەییەکان. بەڵام جۆرێک سەرەتا هەیە ئەگەرچیش وەکو یەکەمین دەستپێک دەردەکەوێت، کەچی نیگەرانە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی سەرەتایەکی پێشتر بۆ خۆی. نیتچە



## نیشتمانی سارا

# هەڵدانەوەی بەشێك لە مێژووی فەرامۆشكراوی شارێك

شاخەوان سدیق



### ”ئەو یادگارییەی نەینووسینەوە، زەمەن دەیسڕێتەوە“

(ئیزابێل ئالێندێ)

رەنگە شتێکی نوێ نەبێت ئەگەر باس لە پەیوەندی بەتینی نێوان ئەدەب و مێژوو بکەین، چونکە هەمیشە ئەو دوو بوارە سوودێکی گەورەیان لە یەکتر بۆ تەواوکردنی لایەنە ناتەواوەکانیان بینیوە. هەمیشە ئەوەی مێژوونووس پەی پێ نەبردووە و راگوزەر تۆماری کردووە، ئەدیبەکان دووبارە خستوویانەتەوە بەر نەشتەری خوێندنەوە و قسە لەسەرکردن و ورتر پێیانگوتووین، کە چۆن و کەی و لە کوێ ئەو رووداوانە روویانداوە. هەروەک (میلان کۆندێرا) دەڵێت: ”نووسینەوەی مێژوو سەرەدەری لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگا هەیە نەک مێژووی مرۆڤ، لەبەر ئەوە ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە رۆمانەکاندا دەردەکەون، زۆرجار لەلایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن“. بەڵام ئەدەب بەوپێیەی بەرهەمی فەنتازیا و یادەوەریی مرۆڤە، بەقووڵی ئیش لەسەر چرکەساتەکانی ژیانی مرۆڤ خۆی دەکات. تا لەو رێگایەوە ئەوەی روویداوە و بووە، بە پیشاندانی وێنە گەورەکە دووبارە پیشانمان بداتەوە. رەنگە بۆ زۆرێکمان خوێندنەوەی مێژوو کارێکی تاقەتپڕووکێن و نەکردە بێت، بەڵام ئەدەب هەمیشە هاوکارە و کۆمەکمان لە دووبارە خوێندنەوەی رووداوەکاندا دەکات بە تاموچێژی فەنتازیانە. بەبڕوای من ئەمەش هەروا کارێکی سانا نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گەورە و قورسی نووسەرە لە مامەڵکردن لەتەک داهێنراوەکانی، کە چۆن لەرێگەی گەمەی نووسینەوە وا لە خوێنەر دەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی بەرهەمەکەی. بەختیار عەلی دەڵێت: ”ئەدەب ئەو رووبەرەیە کە تیایدا یادەوەریی شەخسی و یادەوەریی دەستەجەمعی لە هەر شوێنێکی تر زیاترلە یەک نزیک دەبنەوە“. کەواتە ئەوە شارەزایی نووسەرە کە چۆن لە رێگەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خۆیەوە، بە بەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز، خوێنەر دەکاتە بەشێک لە کارەکەی و هەر لەو رێگەیەشەوە یادەوەریی شەخسی و تایبەتی تێکەڵ بە یادەوەریی گشتی دەکات. لەم رێگەیەشەوە نووسەر لە رێگەی گێڕانەوەی یادەوەریی تایبەتەوە، دەست بۆ گێڕانەوەی یادەوەریی گشتی دەبات و ئیشی تێدا دەکات. رەنگە نموونەی ئەم جۆرە کارکردنەش بەڕوونی لە رۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهامدا ببینینەوە. کە لەم بەرهەمەدا نووسەر ئاقڵانە و بە دەستبردن بۆ گێڕانەوە و ئیشکردن لەناو یادەوەریە تایبەتەکانی خۆی و بنەماڵەکەی، دەست بۆ یادەوەریی گشتیی هەموومان دەبات و لە رێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی بەشێک لە دانیشتووانی شاری سلێمانی کە لە رووی ئاینەوە جیاواز بوون و بە (جوو) یان (جوولەکە) ناسراون، (شەهرەزاد) ئاسا هەمووان دەکاتە دیلی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆی و پەرە دوای پەرە وامان لێدەکات لەگەڵ رووداوەکانیدا برۆین. ئەو لە رێگەی ئەدەبەوە دووبارە بەشێک لە مێژووی فەرامۆشکراوی شارەکەمان بیردەخاتەوە، مێژوویەک کە رەنگە تا ئێستاش بۆ بەشێک لە دانیشتووانی شارەکە یادەوەرییەکی زیندووی لەبیرنەکراو بێت.

(بەختیار عەلی) دەربارەی یادەوەری و رابردوو دەڵێت: ”لە ئەدەبدا رابردوو لەوە دەکەوێت کە تەنیا رابردوو بێت و دەبێتە بابەتێک بۆ ئەبەدیەت، بە کەرەستەیەکی سەرەتایی و مادەیەکی خاو بۆ بوونێکی جاویدی، یادەوەری ناتوانێت بەبێ ئەدەب و هونەر، شەڕی دژ بە لەبیرچوونەوە بباتەوە“. نووسەریش لەم کارەیدا بۆ ئەوەی لە یادمان نەچێت، شەڕی دژی لەبیرچوونەوەمان لەگەڵ دەکات و لە دوا دێڕەکانی کۆتایی رۆمانەکەیدا، لە رێگەی بەکارهێنانی یەکێک لە سیمبول و هێماکانی ئاینی (جوو) کە دانانی (بەردە) وەک ئاماژە بۆ ئەوەی کە ئێمەش لێرەبووین، پێمان دەڵێت ” لە بیرمان مەکەن، چونکە هەر بەڕاستی رۆژانێک ئێمەش لێرە بووین“.

### چیرۆكی رۆمانەكە زۆر بە كورتی:

پاش بڵاوکردنەوەی رۆمانی (شەوگەڕەکان)، رۆمانی (نیشتمانی سارا) دووەم بەرهەمی نووسەر و رۆماننووس (میران ئەبراهام)ە کە ئەم رۆمانە لە دووتوێی (448) لاپەڕەدا لە ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە لە شاری سلیمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نووسەر رۆمانەکەی بۆ چەند بەشێک دابەش کردووە کە هەریەکێک لەم بەشانە مەبەست و ئامانجی دیاریکراوی خۆیان هەیە و هەریەکەشیان گێڕانەوەی قۆناغێکی گرنگی چیرۆکەکەن. ئەو بەشانەش پێکهاتوون لە: (کتێبێک بۆ یادەوەرییە شەرمنەکان، نیشتمانی سارا، دابڕان، گەڕانەوە). رۆمانەکە لەلایەن گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانەوە کە ئاگای لە تەواوی بەسەرهات و رووداوەکانە، دەگێڕدرێتەوە، ئەم چیرۆکخوانە لە بەرزییەوە وەستاوە و چاوی هەموو بەشەکانی چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەبینێ کە بەبڕوای من ئەوە جگە لە نووسەر خۆی کەسێکی دیکە نییە، چونکە لە خوار ئەوەوە چەندین گێڕەرەوەی لاوەکیمان هەیە و هەریەکەیان بەشێکی تری چیرۆکەکە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەگێڕنەوە، واتە بەگشتی رۆمانەکە فرە گێڕەرەوەیە و نووسەر رێگەی داوە کارەکتەرەکانی ئازادانە لە زۆر شوێندا بدوێن. ئەم رۆمانە بەهۆی زۆریی رووداگەلی جۆراوجۆرەوە ئەستەمە بتوانرێت لە چەند دێڕێکدا کورت بکرێتەوە و بەسەرهاتەکانی بگێڕدرێتەوە، بەڵام زۆر بەکورتی کۆی رۆمانەکە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی یەکێک لە بنەماڵەکانی شاری سلێمانیە لە گەڕەکی جوولەکان، لە رێگای ئەوانیشەوە باسکردنە لە چەندین بابەتی ژیاریی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی، لەوانە (بابەتی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان، مەسەلەی حوکمرانی لەو سالانە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خەڵکی گەڕەک و شار، خۆشەویستی و مەسەلەی هاوسەرگیری لەو دەمانەدا، سەرنجی خەڵکی لەسەر جووەکان و مامەڵکردن لەگەڵیان، دواتر کۆچی جووەکان لە تەواوی کوردستان و عێراقەوە بۆ فەلەستین و لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل)، ئەمانە و چەندان بابەتی تری گرنگ بەشێکی گرنگی چیرۆکی ناو رووداوەکانی رۆمانی (نیشتمانی سارا) ن کە بە راستی چێژی راستەقینە هەر لە خوێندنەوەی خودی رۆمانەکە خۆیدایە نەک هیچ گێڕانەوەیەکی دیکە.

### رۆمانێكی مێژوویی

یان گێڕانەوەی مێژوو بە کەرەستەی خەیاڵ؟

کاتێک خوێنەر ئەم رۆمانە دەخوێنێتەوە، راستەوخۆ بەر پرسیاری ئەوە دەکەوێت کە ئایا ئەم رۆمانە نووسینەوەی مێژووە، وەک ئەوەی روویداوە؟ یان نووسەر لەرێگەی فەنتازیاوە کارێکی نوێ لەناو مێژوودا دەکات و لەو رێگەیەوە دیوێکی تری رووداوەکانمان پیشاندەداتەوە. لە ئەدەبیاتی دونیادا کەم نین ئەو رۆمانانەی نووسەرەکانیان بەم شێوازە کاریان کردووە و هەمیشە مێژوو و رووداوە مێژووییەکان بوونەتە کەرەستەی بەهێزی ئیشکردنیان. رەنگە رۆمانەکانی (شەڕو ئاشتیی تۆلستۆی و ئیستەنبوڵی ئورهان پاموک و سەد ساڵ تەنیایی مارکیز و کورپژگەی بیجامە خەتخەتی جۆن بۆن) لە نموونەی دیاری ئەو رۆمانانە بن کە نووسەرەکانیان مێژوویان وەک کەرەستەی گێڕانەوە بە کۆمەکی خەیاڵ و یادەوەری کردووەتە بابەتی رۆمانەکانیان. لەم رۆمانەشدا نووسەر ئاقڵانە سوودی لەم بابەتە بینیوە و جارێکی دیکە چیرۆکی (جووەکان)ی سلێمانیمان وەبیردێنێتەوە. ئەو ئەگەرچی بۆ بنیاتنان و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی سوودی زۆری لە مێژوو و رووداوە مێژووییەکان وەرگرتووە، بەڵام بەشێکی زۆری بەرهەمەکەشی ئیشکردنە لەناو فەنتازیا و خەیاڵدا و بە زمانێکی ئێجگار جوان خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش ئێستا و گۆشەیەکی تری ژیان لە شارەکە و ناوچەکەی پیشاندەدات کە ئەمەش لەڕاستیدا توانا و سەلیقەیەکی زۆری دەوێت.

### نیشتمانی سارا؛ ئامانج و پەیامەكانی

(پۆڵ ئۆستەر)ی رۆماننووس قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: ”چیرۆک تەنیا لەوانە روودەدات کە توانای گێڕانەوەیان هەیە“، بەبڕوای من هەموو مرۆڤێک لە دونیادا خاوەنی چەندین چیرۆکە بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە، بەڵام خۆ هەمووان نووسەر نین و قودرەتی گێڕانەوەیان نییە، بۆیە کەمن ئەوانەی دەتوانن چیرۆکەکانیان بکەن بە واقیع و بۆ ئەوانی تری بگێڕنەوە، نووسەری رۆمانی (نیشتمانی سارا) خۆی یەکێکە لەو مرۆڤانەی خاوەنی دوو چانسی گەورەیە، ئەویش یەکێکیان نووسەربوون و توانای باشی گێڕانەوەیە و دووەمیشیان بەو پێیەی خۆی یەکێکە لە نەوەی نوێی جووەکانی سلێمانی و لە رێگەی باوانیەوە چیرۆک و بەسەرهاتی بنەماڵەکەیانی بیستووە، توانیویەتی ئاقڵانە و وەستایانە بیاننووسێتەوە و بۆ هەمووانی بگێڕێتەوە. بۆیە بەبڕوای من ئەم رۆمانە چەند لایەنێکی گرنگ و شاراوە هەم لە نووسین و هەم لە گێڕانەوەیدا هەیە کە بێگومان خوێنەری هۆشیار و بەدیقەت لە پاش خوێندنەوەی بە ئاسانی هەستی پێدەکات. نووسەر لە رێگەی ئەم رۆمانەوە پێماندەڵێت، رۆژانێک ئەو شارانەی هەرێمی کوردستان نیشتمان و ماڵی ئێمەش بوو، رەنگە بوونی ناوی گەڕەکی (جووەکان) لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا بەڵگەی حاشا هەڵنەگری راستیی ئەو بابەتە بێت، پێمان دەڵێت، ئێمەش بەشدارین لە (بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، لە گەشەکردن و پێشکەوتن، لە ئازار و چەوسانەوە، لە شۆڕش و قوربانیدان) هەر بۆیە لە بیرمان مەکەن و وەک بەشێک لە رابردووی خۆتان لێمان بڕوانن. ئەوەتا نووسەر ژیرانە و بەمەبەست لە لاپەڕە (335)ی رۆمانەکەیدا، (سارا) کارەکتەری بەهێز و دیاری ناو رۆمانەکە و نەوەی بەجێماوی (جووەکان) لە سلیمانی، کە ئەودەم خێزانی (سالار)ە، لەناو شۆڕش و لە یەکێک لە کەمپەکانی پێشمەرگەدا گیان دەسپێرێ و هەر لەوێ و بە گردێکی تەنیشت کەمپەکەوە، لەسەر شێواز و عاداتی ئاینی (جوو) دەنێژرێت. ئەمەش پەیامی دیاری نووسەرە کە بەهەمووان دەڵێت بەڵێ ” ئێمەش لێرەبووین و ئێمەش بەشدار بووین، قوربانیمان دا و ئێسک و پروسکی نەوەکانمان تێکەڵ بەم خاکە بووە.

### دوا سەرنجم لەسەر رۆمانەكە

(نیشتمانی سارا) بەبڕوای من یەکێکە لە جوانترین ئەو رۆمانانەی کە دەکرێت وەک داهێنراوێکی گەورەی ئەدەبی لە کتێبخانەی کوردیدا سەیر بکرێت، ئەگەرچی رۆمانەکە لەڕووی فکرییەوە زۆر قووڵ نییە و تارادەیەک چیرۆکەکەی سادەیە، بەڵام رووداو و شێوازی گێڕانەوەکانی ناکرێت نەخوێنرێنەوە و چێژ

# و نەریتەکانی

**بەکر عەلی**



ئەو راستییەی بۆ دۆزینەوە کەوا، بوون بریتی نییە لەوەی هەیە و بەس، بەڵکو پتر بریتییە لەوەی کە دەبێت، بەبوونبوون وەک گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی لەناو بازنەی "گەڕانەوەی هەمیشەیی هەمانشت" دا بە بەردەوامی دەگەڕێتەوە، لێرەدا نیتچە بەوە دەگات کە ئەوەی بەردەوام ئامادەیە و بەردەوام دەگەڕێتەوە ناو ژیان، بریتییە لە "گۆڕان و بوون"، هەمانشت لێرەدا بریتییە لە خودی گۆڕانەکە، واتە گۆڕان گەڕانەوەی هەمیشەییە لەناو ژیاندا.

نیتچە لەسەر ئاستی کولتووریش بۆ بەردەوامبوونی هێزی ژیان پێیوایە ناکرێ بەبێ نەریت بتوانین ڕەوت بکەین، بۆیە خودی نەریت نا، بەڵکو ئەو دەستەواژەی "نەریتێتی نەریت" بەکاردەهێنێ. مادام پێڤاژۆی شارستانی لە سەرچاوە دوور و دێرینەکانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەوا رابوردوو بەردەوام دەیەوێت خۆی بەسەر هەنووکەدا بسەپێنێتەوە. ئەو سەرچاوانە وای دەبینن جگە لە ڕابوردوو، لەوەی بووە بە نەریت، شتێکی تریش هەبێت هەر دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە دێرینەکە. لێرەوەیە نیتچە رستەی خۆی بۆ مێژووی شارستانی دەڵێت و پێیوایە یەکەمین رستەی شارستانی بریتی نەبووە لە وشە یان لە کردار، بەڵکو بریتییە لە نەریت. بۆیە لە هەموو بارێکدا: بوونی نەریت باشترە لە نەبوونی. هەموو گەشەسەندنێکی فەرهەنگی بەو میکانیزمە ڕەوتی کردووە کە زێدەرە نەریتییەکانی خۆی بپارێزێ و لەهەمانکاتیشدا توانای خۆتازەکردنەوەی هەبێت. لە ساڵی 1945دا کۆمەڵێک ئەفسەری کورد (مستەفا خۆشناو،عیزەت عەبدولعەزیز و.. تاد) کۆمەڵەی ئازادی دادەمەزرێنن، ئەم فیگۆرانە ئەگەرچی سەر بە دەزگایەکی مۆدێرنن کە پێیدەگوترێ سیستەمی بەرگری، کەچی کەسایەتییەکی کاریزمیی وەک مستەفا بارزانی دەکەنە سەرۆک. دوای چەند ساڵێکی تریش کاتێک کۆمەڵێک ڕۆشنبیری شاری سلێمانی دەیانەوێت پارتێکی سیاسی مەدەنی دابمەزرێنن بەناوی پارتی دیموکرات، ئەوانیش هانا بۆ کەسایەتییەکی نەریتییانەی وەک مستەفا بارزانی دەبەن و دەیکەنە سەرۆکی پارتی. ئاوەها، ناپۆلیۆنیش وەک سەرکردەیەکی سێکولار و جیهانی نوێ و بەرجەستەکەری "ڕۆحی سەردەم" هیگڵ گوتەنی، یەکەمین کەس بوو خۆی کردە قەیسەری فەرەنسا، کەچی بۆ سێرەمۆنی و مەراسیمی تاج لەسەرکردنەکەی نامەی تکای بۆ پاپا پیۆس (Pius) ی حەوتەم نارد کە ئەرک بکێشێت و قەداسەتیان بەشداری سیرەمۆنی تاجاندنی یەکەمین قەیسەری فەرەنسا بکەن، کە پاپا لە ڕۆماوە دێت و بەشدار دەبێت، ناپۆلیۆن ئەنگوستیلەکەی دەستی پاپا ماچ دەکات.

ئەم نهێنییە هەمیشەییەی نێوان تراديسیۆن و نوێگەری بریتییە لەو پاڵهێزەی هەموو جووڵەیەکی زیندەگی و فەرهەنگی دەبزوێنێ. سلۆتەردایک وای دەبینێ، ئەگەرچی ناپۆلیۆن دەستپێکی ڕاوێژکارەکانە و یەکەمین قەیسەرە و لەپێش ئەوەوە قەیسەری تر نەبووە، کەچی هەر حەز دەکات خۆی ببەستێ بە کەسێکی تری دێرینترەوە. هەمان ئەم لێکدانەوەیەش بۆ نموونە کوردییەکە دەستدەدات، ئەگەرچی هێزە نوێخوازەکان دەیانەوێت ببنە دەستپێکی نوێ، کەچی خولیای گەڕانیان بۆ کەسێکی کاریزمی نەریتی نەشاردووەتەوە. هەمان ئەم جیهانبینییە جەلال تاڵەبانیش دەگرێتەوە ساتێک کە شۆڕشی نوێی ڕاگەیاند، کەچی هیچکات نکوڵی لە زێدەرەکەی خۆی، لە پارتی و بارزانی نەدەکرد، ئەمە جگە لەوەی وەک کەسێکی عەلمانی خەونی حەجکردنیشی بەدیهێنا. چونکە ئەمان لەوە تێگەیشتبوون کە نەریتەکە ئەوەیە تەنیا کۆن ڕەوایەتی بە نوێ دەدات. وایتهیدیش دەڵێت: دەستپێکی حیکمەت ئەوکاتە بوو کە زانرا نەریت و ڕۆتینەکان بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتین. ئەم جۆرە حەزە لە خۆبەستنەوە بە میراتییە باوەکانەوە، بریتییە لەو جەبرە ئەخلاقییەی داوای ئەوەت لێ دەکات کە لەڕێی شەرعیەت و ڕەوایەتییەوە خۆت بسەپێنە و بەبێ ڕەوایەتییەک کە سەرچاوەکەی میراتییەکی فەرهەنگی بێت، چ ئاین و چ دابونەریت، مەحاڵە دەستپێکەکانت بناسرێن و دانیان پێدا بنرێت.

نەریتەکان هەرچۆنێک بن ژیان بەبێ هیچ نەریتێک نابێت، بگرە خودی ژیانی مرۆیی لەناو هەموو جڤاتێکی فەرهەنگیدا بریتییە لە داهێنانی نەریت و سیستەمی بەها، نوێگەری بریتییە لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەهاکان بە شوناس و چییەتییەکی تەواو جیاوازەوە. بەم جۆرە هەم لە سەردەمی تراديسیۆنیدا و هەم لە سەردەمی نوێگەریدا بەنەریتکردنی بەهاکان و پێوەرەکان ڕوودەدات. ئەوەشی نیتچە پێیدەڵێت "نەریتێتی نەریت Sittlichkeit der Sitte"، تەنیا بریتییە لە "گەڕانەوەی هەمیشەیی" نەریتێک بۆ گۆڕانکاری.

ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردی بەردەوام گازندەی ئەوەی لە فەرهەنگی کوردی هەیە کەوا فەرهەنگێکی نەریتییە و هیچ نوێگەرییەکی نەکردووە. من پێموایە ئەو دیدە زۆر کورتبینە و ناشارەزایی هەڵگرەکانی لە بوارەکانی کولتوورناسی و مرۆناسیدا پیشان دەدات. ئاشکرایە کورد کولتووری بۆماوەی کەمە، لە ئەرشیفی دۆکیومێنتاریدا زۆر نەدارە، جگە لە گۆرانی و قسەی نەستەق و فۆلکلۆر شتێکی ئەوتۆ گرنگی بۆ نەماوەتەوە، تەنیا وەریگرتووە.. زۆرینەی بەشە ڕۆحییەکەی کوردی شتی وەرگیراوە، واتە شتی نوێ و دەستپێکی نوێن بۆ ئەو کایەیە، واتە فەرهەنگی کوردی خاڵی نییە لە نەریتی نوێگەری. بەمپێیە هەموو نووسینێکی کلاسیکی کوردی نووسینێکی نوێخواز بووە، چونکە لە ساتەوەختی خۆیاندا سەرەتایەکی تەواو نوێ بوون لەگەڵ واقیعی خۆیاندا. لە باباتایەری هەمەدانییەوە بیگرە بە تێپەڕینی بە مەلای جزیری و خانی و کۆیی و نالی و سالم و مەحوی و پیرەمێرد و گۆران و شێرکۆ بێکەس تا دەگاتە ئەم چرکەساتە کە بەختیار عەلییە، بەرهەمە نووسراوەکانیان وەکو دۆکیومێنتی نوێگەر دەبێت بچنە ئەرشیفی یادەوەری و کتێبخانەی ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئەوان تێڕوانینیان هەرچۆنێک بێت، زمانیان هەر شێوازێکی هەبێت، کەچی دواجار بریتین لە نەریتێک بۆ نوێگەری. چونکە هەر هەموو ئەو کارانە ئیش بۆ گەشەسەندنی ژیانی کولتووری و ڕۆحیی ئەو کایەیە دەکەن. کولتوورناس و مرۆناس نابێت خۆی لە کاریگەری ئەو کەرتە مەعنەوییە لابدات کە ئەو بوارانە لەناو واقیعی سەردەمێکدا دروستی دەکەن. بۆ نموونە لەڕووی فەرهەنگییەوە ناتوانین لەو سەردەمە تێبگەین کە خانی تێیدا ژیاوە گەر خانی نەناسین، بەبێ کۆیی و بەبێ نالی و بەبێ پیرەمێرد ناتوانین ڕۆحی سەردەم لەو سەردەمانەدا بناسینەوە، ئەوان تاکە کەرەسەی کولتوورییانەی ناو ئەرشیفەکەمانن، ئیتر تۆ لێرەدا چاوپۆشی لەوە بکە ئەوان چییان گوتووە و تۆ بەدڵت نییە، ئەوان خۆیان زمانحاڵی سەردەمەکەیان بوون، وەکچۆن لەمڕۆدا ڕۆمانەکانی بەختیار بریتین لە میدیۆمی گەیاندنی ڕۆحی سەردەم. جا ڕۆحی سەردەم لە ساتەوەختێکی مێژووییدا دەشێت لەیەک ساتدا چەند میدیۆم و چەند زمانحاڵێکی هەبێت، بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەدا نالی و مەحوی ئەو ڕۆحە بەرجەستە دەکەنەوە، لە سەدەی بیستەمدا گۆران و شێرکۆ بێکەس. کرۆکی کولتووری کوردی، وەک هەر کولتوورێکی تر، هەڵگری ئەو نەریتە نوێخوازەیە، ئەمەش چییەتییەکە کە نیتچە پێیدەڵێت "نەریتێتی نەریت" و هەموو کولتوورناسێک دەبێت بێلایەنانە و سەربەخۆیانە لەبەرچاوی بگرێت.

نوێگەری وەکچۆن سەرەتایەکی تر و، دەسپێکێکی تری ئاکار و ڕووداوێکی بەهاییە، ئاواش دەبێت ببێتە نەریت و ئاکاری هەمیشەییانەی ناو هەر کایەیەکی فەرهەنگی و بەردەوام بگەڕێتەوە ناوی. بەمپێیە نوێگەری دەرگایەکە بە دوو دیودا دەکرێتەوە، بۆ ناوەوە دەکرێتەوە و بەها کۆنە زیندووە هەمیشەییەکانی ژیان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و کە بۆ دەرەوەش دەکرێتەوە ئامادەیە پێشوازی لە دنیای تازە و نائاشناکان بکات. ئیتر لەکوێشدا نوێگەری بووە دەستپێکی بەهای نوێ، لەوێدا نەریتی ڕەخنەگرتن لەو دەستپێکە لەدایک دەبێت، ئەمەش پۆستمۆدێرنەیە.




لە خوێندنەوەیان نەبینرێت، هەرچەندە لە گێڕانەوەی بەشی سێیەم و چوارەمی ڕۆمانەکەدا واتە لە هەردوو بەشی (یاداشتەکانی سارا و دابڕان)، بەر جۆرێک لە درێژکردنەوە کەوتم و پێموابوو نووسەر لە ڕیتمی گێڕانەوەکەی دەرچووە، بەڵام لە دوا بەشی ڕۆمانەکەدا، واتە لە بەشی (گەڕانەوە)دا شارەزایانە و وەستایانە قودرەتی خۆی پیشاندەداتەوە و گەمەیەکی وا لەگەڵ خوێنەر دەکات کە بۆ من چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوەش تاموچێژێکی زۆر بە کۆی ڕۆمانەکە دەبەخشێ. هەربۆیە ئەم کارەی (میران ئەبراهام) شیاوی خوێندنەوە و لەسەر وەستانە و بەهیوام زۆر بەباشی بخوێنرێتەوە. ئەوەی بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، گەڕانەوەی (باپیرە خایم)ە، پاش چەندین ساڵ لە ئیسرائیلەوە بۆ شاری سلێمانی و چوونیەتی بۆ گۆڕستانی (جووەکان) و وتنی دوا پەیامی بەهێزی خۆی کە ئەوە پەیامی نووسەریشە وەک یەکێک لە نەوەکانی ئەوان. لەلاپەڕە (443)دا نووسەر ئاوا دەیگێڕێتەوە: "باپیرە خایم، لەسەر سەکۆی شەقامەکە دانیشت، ئەو شەقامەی کە پێشتر گۆڕستانی جووەکان بووە و هەموو باوباپیران و ئازیزانی لەوێدا بەخاک سپێردراون، دەستی برد بۆ جانتاکەی شانی و بەردێکی دەرهێنا، بەردەکەی لەسەر لێواری شەقامەکە دانا و چاوی داخست و لەبەرخۆیەوە گوتی: لە ڕەقی و تەمەنی ئەبەدیەتی خۆتا یادی ئێمە هەڵگرە و بەنەوەی داهاتووی ئەم شارە بڵێ، کە ئێمەش لێرە بووین".

پەراوێز:

**بۆ ئەم نووسینە سوودم لەم بابەتانە بینیوە:**
**– دەربارەی یادەوەری و ئەدەب- بەختیار عەلی- وتار**
**– دەربارەی ئەدەب و مێژوو- میلان کۆندێرا- وتار**
**– ڕۆمان و ژیاننامە- حەمەسەعید حەسەن- توێژینەوەی ئەدەبی**
**– نیشتمانی سارا- میران ئەبراهام- ڕۆمان**

# فرۆید و دەروونشیکاری چییان بۆ ئەمڕۆ پێیە؟

**وەلید عومەر**

ئەم دوو کتێبە تەرخانە بۆ دەروونشیکاریی فرۆید و لاکان. یەکەمیان شەرحێکی گشتگیر و هاوکات وردە بۆ ئایدیاکانی زیگمۆند فرۆید (ـی دەروونشیکار و پزیشکی نەمسایی) و ژاک لاکان (ـی دەروونشیکار و بیرمەندی فەڕەنسی)، دووەمیشیان کۆمەڵێک وانەی فەلسەفی و ئەخلاقیی فرۆیدە بۆ ئێمەی ئەم سەردەمە. کتێبەکان تازە بڵاوبوونەتەوە و ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند چاپی کردوون. لەم نووسینە کورتەدا، پەیام و زەرووەتی پشت کتێبەکان بۆ خوێنەر و خەڵکی ئەمڕۆ لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو. ئەم خاڵانە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە تێبگەین دەروونشیکاری بەگشتی چ پەیوەندییەکی بەم سەردەمەمانەوە هەیە و چەندیش بۆ خوێندەواری کورد کەڵکی هەیە.

یەکەم: ئەو تۆمەتە تیۆرییەی کە گوایا دەروونشیکاری مردووە، تۆمەتێکە بۆ دونیای ئێمە ڕوون نییە. دەروونشیکاری خۆی زانستێکە لەناو مێژووی خۆرئاواوە سەریهەڵداوە و هەر لەو مێژووەشدا ڕەخنەکراوە و ئیزافەی بۆ کراوە و پەرەشی پێدراوە. بۆیە کاتێک باس لەوە دەکرێت کە دەروونشیکاری بەسەرچووە، ئەوا ئێمە لەم سیاقەی خۆمانەوە باش تێناگەین و حوکمەکە بۆ دونیای ئێمە مانایەکی ئەوتۆی نییە. تەنانەت لە خۆرئاواش، دەروونشیکاری هەر برەوی خۆی هەیە و کەم نین ئەو لێکۆڵەر و نووسەر و بیریارانەی خۆراکی تیۆریی خۆیان لە دەروونشیکارییەوە وەردەگرن. تا دەروونی مرۆڤ بمێنێت، دەروونشیکارییش وەک زانستێک قسەی خۆی هەیە و دەشتوانێت خۆی تازە بکاتەوە (وەک ئەوەی کە کردووشیەتی).


دووەم: دەروونشیکاری بەتەواوی بریتی نییە لە دەروونناسی. داهێنانە گەورەکەی دەروونشیکاری بریتی بوو لە پرسی نەست (the uncon-scious) لەلایەن فرۆیدەوە و پاشان پیادەکردنی ئەم چەمکە بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا کە دیارترینیان خەوبینینە. فرۆید شاکارەکەی خۆی بەناوی لێکدانەوەی خەونەکان لە ساڵی 1900 بڵاوکردەوە و دابڕانێکی لە دەروونناسیی تەقلیدیدا درووستکرد. نەست تا ئێستاش پرسێکی جێی مشتومڕە و لەلایەن بیریاران و پزیشکە دەروونییەکان و تەنانەت فەیلەسووفانیشەوە تیۆریزە دەکرێت. نەست تەنیا پرسێکی شەخسی و دەروونی نییە، بەڵکو پرسێکی کۆمەڵایەتی و شارستانیشە. نەست بەشێکە لە کارەکتەری تاک و کۆمەڵگاش، بۆیە وەک پرسێکی تیۆریی بنەڕەتی هەر دەمێنێتەوە.


سێیەم: ئایدیای نەست پێماندەڵێت مرۆڤ تەنیا لە ئاگایی و هەست پێکنەهاتووە، بەڵکو ڕووبەرێکی دەرەئاگایی و شاراوەش حوکمی مرۆڤ دەکات کە بریتییە لە نەست. نەست شوێنی شتە چەپێنراوەکانە، شوێنی ئەو شتانەی کە ناتوانین بەئاشکرا ئەزموونیان بکەین و بیڵێین. نەست خۆی ڕووبەرێک نییە دەست بخەینە سەری و بڵێین ئەوەتا، بەڵکو هەمیشە لەڕێگەی گەڕانەوەی چەپێنراوەکانەوە درکی دەکەین. بۆنموونە کاتێک شتێکمان لە دەم دەردەچێت، ئەوە نیشانەی دەرکەوتنی نەستە بۆ ماوەیەکی کاتی. دیارە ئێمە شتێکمان چەپاندووە و نەمانتوانیوە بیڵێین بۆیە وەک چەپێنراوێک دەگەڕێتەوە. لە ئاستە ئاڵۆزەکەشیدا، نەست تەعبیرە لەوەی کە ئێمە ناتوانین هەموو جیهان پێکەوە ئەزموون بکەین، بۆیە بەشێک لە زمان و کەسایەتی و خواست و ئارەزووەکانمان دەردەکەین و بەشێکی سنووورداری لێ ئەزموون دەکەین. لەمڕۆدا کە زۆرترین شت دەبینین و دەبیستین، چەندی دەچێتە نەستەوە و دواتر وەک چەپێنراوێک دەگەڕێتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی هەنووکەییە.

چوارەم: فرۆید سەرەتا بۆ کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان جۆرێک لە تراوما و شۆکی دەروونی بوو، جۆرێک لە شۆڕشگێڕ بوو کە مێژووی باوی ئەخلاقی و دینی و تەنانەت پزیشکیشی هەڵگێڕایەوە. لە دونیای ئێمەشدا بەبێ ئەوەی بەر قووڵاییەکانی فرۆید بکەوین، لێی ترساوین و تۆمەتی نازانستیمان داوەتە پاڵ و پێمانوابووە هەندێک کڵێشە لەسەر سێکس دەڵێت. بەڵام فرۆید بەوسا و بە ئێستاشەوە، خوێندنەوەیەکی ئاڵۆزتری بۆ مرۆڤ هەیە. چۆنیەتیی بەرکەوتنی مرۆڤ بە جیهانەوە ڕووندەکاتەوە و هەڵبەزودابەزە دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئۆنتۆلۆژییەکانی ئەم بوونەوەرەش ڕووندەکاتەوە. بۆ مەسەلەی سێکسیش، فرۆید سێکس لەو دیدە باوە دادەماڵێ و دەیگۆڕێت بۆ پرسێکی تیۆری و لە ئەنجامیشدا سێکس لە سێکس دادەماڵێت. ئەمە لای ژاک لاکان پتر ڕوون دەبێتەوە و ئەو شکستەی سێکسوالیتەی مرۆڤی پشکنیوە. ژاک لاکانیش گەڕایەوە بۆ پرۆژەکەی فرۆید، بەڵام دووبارەی نەکردەوە و هاوشان بە فیکری فرۆید کۆمەڵێک داهێنانی تری لە دەروونشیکاریدا کرد.

پێنجەم: ئەمڕۆ کە دونیا لەبەردەم بەدیجیتاڵبوونەوە و هورووژمی تەکنۆلۆژیادایە، ئەوا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چیمان دەوێت؟ یان چۆن مامەڵە بکەین؟ چۆن جارێکی تر خۆمان بناسین؟ ئەویتر بۆ ئێمە کێیە؟ لێرەوە دەروونشیکاریی فرۆید و لاکان، کۆمەڵێک ئیمکانی تیۆرییمان بۆ دەکاتەوە کە بیر لە خۆمان و دونیاکەمان بکەینەوە. بەتایبەت لەڕووی ئاکارەوە، کاتێک شتەکان دنیایی دەبنەوە و خودا بە جۆرێک لە جۆرەکان دەمرێت، ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتر بکەین؟ ئاخۆ ئەم هەمووە هەڵپەیە لە جێی خۆیدایە؟ ئەگەر وایە بۆچی هەر نائاسوودەین؟ ئاخۆ «سەرکەوتن» هەمیشە سەرکەوتنە؟ لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکاندا پرسیاری تریشمان لا دروست دەبێت و چانسی وەرگرتنی وەڵامیش دێتە بەردەممان.

هەردوو کتێبەکە، پەیوەندیی نەست و منداڵی، نەست و سێکسواڵیتە، نەست و دەق، نەست و سەرکەوتن، نەست و مێژوو و.. هتد دەپشکنن. ستایلی نووسینەکەیان ڕوون و ئاسانە و تەوەرەکانیان تارادەیەک کورت و زیندووە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، دەروونشیکاری دەبوو زووتر بگاتە دنیای ڕۆشنبیریی ئێمە و وردتریش کاری لەسەر بکرایە. بەو هیوایەی ئەم ئیشانە کە بەشێکن لە زنجیرەیەک دەربارەی دەروونشیکاری، گوڕێک بەم کایەیە ببەخشنەوە.



ڤیدا قادری



# کامەیان دایکم بوو؟

چکۆلە بوو. تەمەنی شەش یان حەوت ساڵان بوو. دوو سەعاتێک دەبوو کە لەوێ وەستابوو لەناو ئاپۆڕای ئەو خەڵکەی لێی کۆببوونەوە، بێ ئەوەی قسەیەک بکات، هەر گریابوو. جارجاریش چاوە ترساوەکانی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا و چڵمەکەی هەڵدەلووشی. بووکەڵە قژ زەردە جلشینەکەشی، توند توند نووساندبوو بە سنگییەوە و، چەناگەی نووساو بە ئێخەی بلوزە پرتەقاڵییەکەی بە دەم هەنسکی گریانەوە دەجوولا. خەڵکەکە سەرەتا یەک یەک و دوو دوو لە دەوری کۆبوونەوە، دەستێکیان بە قژیدا هێنابوو، پرسیاری دایکیان لێی کردبوو، ئەوەی کە دوایین جار لەکوێ دەستی لە دەستی دایکی بەربووە؟ ئەمیش لە وەڵامدا رووی گرژ کردبوو، گۆشەی لێوەکانی هێنابووە خوارەوە و، دڵۆپە فرمێسکەکانی گەورەتر و گەورەتر بە سەر کوڵمە لەڕ و لاوازەکانیدا شۆڕاوگەیان بەستبوو.

هەر کەسە شتێکی دەگوت؛ یەکێک دەیگوت دەستی لە دەستی دایکی بەربووە، ئەوی تر دەیگوت وێدەچێ زڕدایکی بووبێت و هێنابێتی و لەم جەنجاڵیی ناو بازاڕەدا فڕێی دابێ و ڕۆیشتبێ، یەکێکی تر دەیگوت خوا بناسن، لە خۆتانەوە کەس تاوانبار مەکەن با پۆلیس ئاگادار بکەینەوە، سەعاتێک نابا کەسوکارەکەی دەدۆزنەوە. ژنێکی چارشێو ڕەشی ئەسمەریش نەختێک چارشێوکەی لەسەر سەریەوە ڕێکخستبوو، گوتبووی: توخوا بزانن هەر دەتوانێ قسە بکات. پێموابێ لاڵە بەستەزمانە. چەند ناشیرینیشە توخوا !....

کیژۆڵەکە ئێستا ئیتر ئارام ببووەوە. لێوی دەلەرزی و بەرهەنسکی دەدا. بووکەڵەکەی نووساندبوو بە سنگییەوە و قامکە بچووکەکانی ڕۆچووبوونە ناو زگیەوە. هێشتا لەناو ئەو هەموو پێیە و ئەو هەموو بۆنە تێکەڵاوەدا بە دوای بۆن و چارشێو و دەستە لاوازەکەی دایکیدا کە لەژێر لۆی چارشێوەکەوە دەیهێنایە دەرەوە، دەگەڕا. خەڵکەکە ئیتر ماندوو ببوون، بەرە بەرە دەوری کچەکەیان چۆڵ دەکرد و، هەریەکە و بە ڕێگای خۆیاندا دەڕۆیشتن. وەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت و کچێکی قژ ڕەشی دەموچاو زەردهەڵگەڕاوێ چاو بەگریانی کراس پرتەقاڵی لەوێ لەناو ئەو هەموو جەنجاڵییەدا ون نەبووبێت و، ئەوە ئەوان نەبوون کە بۆ چەند ساتێک دەستیان بە سەریدا هێنابوو، هاوخەمییان دەربڕیبوو، هەوڵیان دابوو هەستی وردکۆڵی خۆیان دابمرکێنن.

ڕەنگە کیژۆڵەکە بەیانی کاتێ بە تامەزرۆییەوە لەخەو هەستابێت تاکوو دوای نانی بەیانی جلە پرتەقاڵییەکەی لەبەر بکات و بڕوات بۆ بینینی باوکی، قەت بە خەیاڵیشیدا نەهاتبێت کە لە کاتی گەڕانەوەدا دەستی لە دەستی دایکی بەردەبێت و لەناو کۆمەڵێک خەڵکی نامۆدا، واقوڕماو ڕادەوەستێ و تێناگات ئایا دایکی ونی کردووە یان بەجێیهێشتووە.

دایکی توند توند دەستی گرتبوو، هەوڵی دەدا لە ناوەڕاستی ئەو حەشیمەتە، شوێنێک بۆ خۆیان بکاتەوە و بپەڕێتەوە و خۆی بگەیێنێتە بەر دەرگای چوونە ژوورەوەی بەندیخانە. لەوێیش جگە لە پێ و چارشێو و پانتۆڵی ڕەش و نیلی و قاوەیی، هیچی تری نەدەبینی. سەری لەگێژەوە دەهات، گێژ لە بۆنی عارەقە، هەڵواسراو بە چارشێوەکەی دایکی بەملا و ئەولادا ڕادەکێشرا. ئەگەرچی دایکی خۆی گەیاندبووە بەر دەرگای بەندیخانەکە، بەڵام لەوێیش بۆ ماوەیەکی زۆر بە دەم بیستنی قیژە و هەرا و بێدەنگ بن خوشکم و بێدەنگ برادەرینەی پاسەوانەکانەوە، چاوەڕێی چوونە ژوورەوەیان کردبوو. کە چووبوونە ژووریشەوە دیدارەکە بە ماچی بابە کە ئێستا ئیتر بە پێچەوانەی جاران ڕوومەتەکانی خوێنیان تێزابوو و نەختێک چەوری نووسابوو بە ورگیەوە و لەسەر کەمەری بیجامەکەی زەق زەق خۆی دەنواند، دەستی پێکردبوو. پاشان لە سایەی شەڕەقسە و تانە و تەشەری دایە و بابە، دڵخۆشیی ئەو دیدارەش بۆ کچەکە جێی خۆی دابوو بە دڵەڕاوکێ و خەم و هەست بە تاوانکردن.

کیژۆڵەکە، بە ترسەوە لێوەکانی دەگەست وەک بڵێی گریانێک لە ئەوکیدا بێت. سەیری سەرپەنجە ڕووشاوەکانی خۆی دەکرد. کاتێ لە بەندیخانە هاتبوونە دەرەوە، لە حاڵێکدا کە ئەم بە دەم ڕۆیشتنەوە دەستی بەسەر دیوارە سپییە چڵکنە لە مێژە نۆژەننەکراو و بەرزەکەی بەندیخانەکەدا دەهێنا، دایکی بە تووڕەییەوە دەستی چەپی هێندە توند گرتبوو، هێندە خێرا بە شوێن خۆیدا ڕایکێشابوو، کە قامکەکانی دەستی ڕاستی نەختێک ڕووشابوون. پاشان کە گەیشتبوونە ئەو سەری شەقام و کۆتایی دیواری بەندیخانەکە، لەسەر چوارڕێیانەکە سواری تەکسییەک ببوون و لەبەر مانەوە لەناو ترافیک، دایکی تاقەتی نەمابوو لە نزیک بازاڕ دابەزیبوون.

هێشتا هەر هیچی نەدەگوت. چەند کەسێک ئیتر لە بێدەنگیی کچەکە وەڕەس ببوون و دەیانگوت با بیبەین بۆ بنکەی پۆلیس. کچەکە بە بیستنی ئەو قسەیە واقوڕماو و ترساو چڵمەکەی هەڵلووشی و دەموچاوی لەناو لەپی دەستەکانیدا شاردەوە. لەپڕ هەستی کرد، دەستێکی نەرم و خڕ و خەپان لەسەر سەری دانراوە و دەیەوێ بیلاوێنێتەوە. هەموو گیانی کەوتە لەرزین. حەزی دەکرد ئێستا لەبری ئەو دەستە قورسە دەستە لەڕولاواز و هەمیشە ماندووەکانی دایکی بەر ڕوومەتەکانی بکەوتبان، بێگومان ئیتر لە زبریی دەستی دایکی بێزار نەدەبوو. لەناو ئەو هەموو جەنجاڵییەدا بیری ماچە تاڵ و دووکەڵاوی و چاوە هەمیشە خەواڵووەکانی باوکی و جنێو و پرتەوبۆڵەکانی دایکی دەکرد.

نائومێدانە سەرێکی لەقاند و، دیسانەوە خەیاڵە بچووکەکەی فڕییەوە بۆ ناو بازاڕ. دایکی هێشتا هەر تووڕە بوو، توند توند پەنجە چکۆلەکانی کیژۆڵەکەی دەگوشی و بەشوێن خۆیدا ڕایدەکشا و وەک هەمیشە لەبەر خۆیەوە جنێوی دەدا. پەنجە چکۆلەکانی لەناو دەستی دایە ئازاریان پێدەگەیشت، بە هەنگاوە چکۆلەکانی بە دوای دایکیدا ڕایدەکرد. دایکی بۆ چەند ساتێک دەستی بەردا و چارشێوە ڕەشەکەی ڕێکخستەوە و ئەمیش بۆ ئەوەی لێی ون نەبێ، بە دەستی چەپی بووکەڵەکەی توند توند نووساندبوو بە سنگییەوە و، دەستی ڕاستیشی لە چارشێوەکەی دایکی گیر کردبوو، سووکتر لە بووکەڵەکەی ناو باوەشی، هەڵواسراو بە چارشێوکەی دایە، بە شوێنیدا ڕادەکێشرا. لەپڕ بووکەڵەکە لە دەستی داکەوت، هاواری دەکرد و هەوڵی دەدا بە دایکی بڵێ بووکەڵەکەی داکەوتووە، بەڵام دایکی لەناو ئەو هەرا و هورییایەدا هیچی نەدەبیست. چەند هەنگاوێک بە شوێن دایکیدا ڕایکرد، پاشان بە دوودڵییەوە لۆی چارشێوەکەی دایکی بەردا. بە ڕاکردن گەڕایەوە دواوە و بووکەڵەکەی لەسەر زەویەکە هەڵگرتەوە. تۆزەکەی تەکاند، پاشان ئاوڕی دایەوە تاکوو بە پەلە خۆی بگەیێنێتەوە دایکی، بەڵام لەپڕ خۆی لەناو کۆمەڵێک چارشێوی ڕەشدا بینییەوە، کە داوێنەکانیان بە دەم ڕۆیشتنی ئەو هەموو ژنەوە دەلەرییەوە. لە بینینی سەمای خێرای ئەو هەموو چارشێوە لە گێژەوە هات. "خودایە ئاخۆ کامەیان چارشێوەکەی دایکمە؟ دەبێت دەست بە لۆی کامیانەوە بگرم؟" ڕاوەستا و بە دەور خۆیدا سووڕایەوە تەنانەت لەبیری چووبووەوە بەرەو کام لا دەڕۆیشتن. لەوێش وەکوو بەر دەرگای بەندیخانەکە خۆی لە گەمارۆی مانتۆ و پانتۆڵ و چارشێوی بە جووڵەی ڕەنگاوڕەنگدا بینی، هەناسەی بە هەڵمژینی ئەو هەموو بۆنە نامۆیە توند ببوو. بووکەڵەکەی بە سنگیەوە نووساند و ڕایکرد و، چنگی لە لۆی چارشێوێک گیر کرد. بەر لەوەی هەنگاوێک بگوازێتەوە، چارشێو لەسەرەکە ئاوڕی دایەوە. لەپڕ بە بینینی دەموچاوی کەسێکی تر جگە لە دەموچاوی دایکی لەناو چوارچێوەی ڕەشی چارشێوەکەدا، دڵی دارما. دەستی بەردا، دیسانەوە بە ڕاکردن خۆی گەیاندەوە بە چارشێوێکی تر و چارشێوێکی تر و چارشێوێکی تر... هەموویان بە سەرسوڕمانەوە ئاوڕیان دەدایەوە و سەیری کچێکی لەڕ و لاوازی قژ ڕەشی جل پرتەقاڵییان دەکرد، کە بووکەڵەیەکی جلشینی لکاندبوو بە سنگیەوە. زگیان پێی دەسووتا، پاشان هەنگاوەکانیان خێراتر دەکردەوە و بەجێیاندەهێشت. دەلەرزی. بە دەستی چەپی بووکەڵەکەی نووساندبوو بە سنگیەوە و بەو دەستەکەی فرمێسکەکانی دەسڕییەوە و بەرەو هەموو لایەک ڕایدەکرد. ڕایدەکرد... ڕایدەکرد... ڕایدەکرد... ڕەنگە هەندێ جاریش پێی خلیسکابێت. پاشان هیوا لێ بڕاو لەناو ئەو جەنجاڵییەدا و لە نێوان چارشێو و پانتۆڵ و داوێنی مانتۆ ڕەنگاوڕەنگەکاندا ڕاوەستا و بە دەم هەنسکی گریانەوە سەری داخست تاکوو لانیکەم لەناو ئەو هەموو پێڵاوە گەورە و بچووکەدا کە سەرشێتانە بەرەو ئەملا و ئەولا لە جووڵەدا بوون، جووتە پێڵاوە ڕەشە بنبەرزەکانی دایکی کە نووسابوون بە قاچە بچووکەکانییەوە، بدۆزێتەوە.

هێدی هێدی زانی لە دایکی ون بووە. داماو و بێدەسەڵات لە سووچێکی ئەو جەنجاڵییەدا ڕاوەستا. بە دوو دەستەکەی باوەشی بە بووکەڵەکەیدا کرد. چەناگەی نووساند بە ئێخەی کراسە پرتەقاڵیەکەیەوە و بێدەنگ گریا. لە دڵی خۆیدا گوتی: "دایکم ون بووە؟"

خەڵکەکەش کە زانییان لەبەردەم دووکانی شیرنەمەنییەکەدا، کچێکی قژڕەشی جل پرتەقاڵی دایکی لێ ون بووە و لەوێ وێستاوە، یەک یەک و دوو دوو هاتن و لە دەوری کۆبوونەوە.

بارانی پرسیارەکان لە زار و لە چاو و لە ئاماژەی دەستەکانی ئەو خەڵکەوە دادەباری و خۆیان بە جەستە لاوازەکەیدا دەکێشا. بەڵام، ئەو بێ ئاوڕدانەوە لە پەلاماری ئەو هەموو پرسیارە، تەنیا و واقوڕماو، بیری لە دایکی دەکردەوە. لێوی توند قووچاندبوون و چەناگەی دەلەرزی. لەوەی دایکی هیچ هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی نەدابوو، لەوەی لەناو ئەو هەموو خەڵکە نامۆیەدا بەتەنیا بەجێیهێشتبوو، تووشی شۆک ببوو. هەموو گیانی دەلەرزی. بووکەڵەکەی توند توند بە سنگیەوە نووساندبوو، سەری بووکەڵەکەی ماچ دەکرد و دەگریا.

ڕەنگە بۆ دڵدانەوەی خۆیشی بووبێت، بیری لەوەش کردبێتەوە کە بێگومان دایکی لە لایەکی دیکەی بازاڕەکەوە بە خۆی و چارشێوە ڕەشەکەیەوە وەکوو باڵندەی بێچوو لێونبوو بەرەو ئەملا و ئەولا دەفڕێت و سۆراغی کچێکی لەڕ و لاوازی قژڕەشی جلپرتەقاڵی دەکات کە بووکەڵەیەکی قژکاڵی جلشینی لە باوەشە. بەڵام دەمەقاڵێیەکەی ناو بەندیخانەی بیرکەوتەوە. پێیوابوو کچێکی باش نییە دەنا، دایک و باوکی هێندە شەڕیان نەدەکرد. هەر بۆیە دایکی بە ئانقەست لەناو ئەم جەنجاڵییەدا بەجێیهێشتووە.

لەپڕ ئەو پیاوە درێژە چاکەت و پانتۆڵ ڕەساسیەی بیر کەوتەوە کە جارێکیان لەگەڵ دایکی چووبوونە دووکانەکەی و دووکانەکەشی لە شوێنێکی ئاوها جەنجاڵدا بوو. ئەم سەرەتا لێی دەترسا و لەپشت چارشێوەکەی دایکییەوە خۆی شاردبووەوە. کابراش لەحاڵێکدا کە زەردەخەنەیەکی سەیر لەسەر لێوە شینەکانی بوو، مۆڕەیەکی لێ کردبوو، پاشان دەستی چەپی بە سمێڵە ڕەشەکەیدا هێنابوو، ئەو دەستەکەشی لە درزی چارشێوەکەی دایکییەوە بردبووە ناو. ڕوومەتەکانی دایکی سوور هەڵگەڕابوون، بەڵام هیچی نەگوتبوو. پاشان بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەم بدەنەوە، بۆ چەند ساتێک ئەمیان لەگەڵ شاگردەکەی کابرا بەتەنیا بەجێهێشتبوو و چووبوونە ناو ئەو ژوورەی دەرگاکەی لە پشت تاقە قوماشەکانەوە بوو... بیری هاتبووەوە لە پاش چەند ساتێک دایکی و پیاوەکە کە هێشتا هەر زەردەخەنە سەیرەکەی لەسەر لێو بوو، یەک لە دوای یەک لە پشت تاقە قوماشەکانەوە هاتبوونە دەرەوە. پیاوەکە چاوێکی لە دایکی قرتاندبوو، پارەی خستبووە ناو جانتاکەی و بە دەنگێکی گڕەوە گوتبووی: "هەمیشە ئاوا بە، کچی باش جار و بار سەردانمان بکە..." ئەم سەرەڕای ئەوەی لێی ترسابوو، لە خەیاڵی خۆیدا گوتبووی: چەند پیاوێکی باشە پارە دەداتە دایکم. پاشان دایکی دەستی گرتبوو، لە گەڕانەوەدا گوتبووی: "بە کەس مەڵێ چووینە ئەو دووکانە باش؟" ئەمیش سەری تەکان دابوو.

جەنجاڵییەکی سەیر دروست ببوو. کچەکە هەر وا باوەشی بە بووکەڵەکەیدا کردبوو، هەرچی ڕاشیاندەکێشا بیبەن بۆ بنکەی پۆلیس نەدەجوولا، تەنانەت ئیتر بێدەنگیەکەی شکاندبوو، بە دەنگی بەرز دەگریا. پیاوی خاوەن دووکانی شیرینەمەنییەکە وەڕەس لەو جەنجاڵییە درێژخایەنە، گوتی: ئەی هاوار دەرەقەتی ئەو فیسقەیە نایەن بیگرنە باوەش و بیبەن؟ پاشان دەستی ڕاوەشاند و گوتی: بیبەن. بۆ هەرکوێیەکی دەبەن بیبەن. بەس لەم بەر دووکانەدا نەیبینم، ئەمڕۆی لێ تێکدام. ویستیان لە باوەشی بگرن و بە زۆر بیبەن، بەڵام یەکبەخۆی دەیزریکاند. دەست و قاچی ڕادەوەشاند و دەگریا و دەپاڕایەوە کە نەیبەن. دەیگوت کە کچێکی باشە و نەیخەنە بەندیخانەوە. لەناو ئەو بگرە و بەردەیەدا لەپڕ چنگی لە چاوی ئەو ژنە ئەسمەرە چارشێوڕەشەی کە بە هێزەوە هەوڵی دەدا لە باوەشی بگرێ، گیر کرد. زیرە لە ژنەکە بەرزبووەوە و دەستی کرد بە جنێودان. بەر لەوەی خەڵک و ژنە ئەسمەرەکە بە خۆیاندا بێنەوە، پرتەقاڵێکی بچووک لەناو سەرسوڕمانی خەڵکەکەدا تلی خوارد و خێرا هەڵهات.

بۆ هەڵهاتن لەو خەڵکە و بە هیوای دۆزینەوەی دووکانی پیاوە جل ڕەساسییە زەبەلاحەکە کە پێیوابوو ڕەنگە دایکی چووبێتە ئەوێ، بە هەموو توانایەوە رایدەکرد... رایکرد... رایکرد.. رایکرد تا گەیشتە کۆڵانێکی چۆڵ. هێشتا هەر خەریکی ڕاکردن بوو کە بە بیستنی دەنگی پێیەکانی خۆی بەئاگا هاتەوە و، زانیی کە ئیتر لەو جەنجاڵییە ڕزگاری بووە. ڕاوەستا. هانکەهانک سەری بەرز کردەوە و خۆی لە گەمارۆی دیوارە خشتییە بەرزەکانی کۆڵانەکەدا بینی کە ملیان بەرەو ئاسمان هەڵکشابوو. بە ترسەوە لە حاڵێکدا کە دەمی وشک ببوو، سەرنجی دەرگاکانی دەدا. هیچکام لەو دەرگایانە لە دەرگاکەی ئەوان نەدەچوو. لە حاڵێکدا کە پەنجەکانی دەستی ڕاستی بە دیوارە کۆنە خشتیەکاندا دەهێنا، بە ترسەوە چەند هەنگاوێک چووە پێشێ. زبریی دیوارەکان رووشانی قامکەکانیان هێنایەوە سوێ. خێرا دەستی لە دیوارەکە بەردا. لەپڕ دەنگی هەناسەبڕکێیەک لە پشت سەریەوە ڕایچڵەکاند. بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە. بووکەڵەکەی بوو. وا دیاربوو لە کاتی ڕاکردندا بەرببووەوە و ئەویش بۆ ئەوەی لە یەکتر ون نەبن، بە شوێنیدا رایکردبوو، ئێستا هانکەهانک لە پشت سەریەوە ڕاوەستابوو. کچەکە بە بینینی بووکەڵەکەی هەناسەی ئاسوودەیی کێشا، باوەشی پێدا کرد و داسەکنا. بووکەڵەکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. دەستەکانی گرت و بە میهرەبانییەوە گوشی. پاشان پێکەوە لە تەنیشت دیوارێکەوە و لەسەر زەویەکە دانیشتن. کچەکە سەری نایە سەر شانی بووکەڵەکە و چاوەکانی لێکنان.

هەتاوە گەرمەکەی نیوەڕۆی لەسەر کەوتبوو. دەنگی لای لایە دەهات. کچەکە لە باوەشی بووکەڵە جلشینەکەیدا خەوتبوو.

